# ڕێگـەی کوردسـتان لە بەغـداوەیە.؟؟

محەمەدی کەریمی

رۆژنامەنووسی سەر بەخۆ

تووانەوەی سەهۆڵە بەفرەکانی نێـوان تاران وئەمریکا خەونە یان خەیاڵ.؟ کـەم تا کورتێک و ڕەنگە زۆریش بە زیادە ،لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و وەدیارکەوتنی چارەنووسـی گەلانی ئـەم وڵاتە دیاری بـکات.

گـەلانی ئەم وڵاتەیش هەر گێژ و وڕی تووانەوەی کوێسـتانە سـارد و سـڕڕەکانی نێـوان هەر دوو و سـێ وچۆار وگشـتییان سـەریان سـەخت ولە هەماندەم خۆشـبەخت و سـەری حال و دایم لە سەرکەیف و هەموو شـێتی تەخت وکورسی ودەسەڵات و خاوەنی هێـز و سەرمایە وفرە بەختـەوەر وگشـتیان خۆا پێـداون. بەڵام ،ئێـمەچـی.؟؟

هێشـتەکە ولە بـەردەم سەرەتای هەزارەی سـێهەمدا ،کورد وەک گەلێـک ،لە ناو بازنەی ناوەندێکـی نەتەوەیـی و لە چۆارچێـوەی سیستەمێکی ئیداری پتەودا ،یـەکی نەگرتـووە.!؟

ناوەندێکی نەتەوەیی ورۆشنبیری وکوردستانی دلسۆز وکاری و هەمەگیـر ،پێداویستییەکی مێژوویی ونیـازێکی گرنگی ئەم سـەردەمەیە و داهاتوویش موحتاجیەتی وپێویسـتی بەو هەڵوێسـتە هەیە. ئەم هەڵوێستەیە لە سەرشانی حکومەتی کوردستانە ،دوایی حیزبەکان.

هیچ کوردێک نابێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە و بڵێی هیچمان نەکردوە.لانی کەم تاوەکوو ئەمرۆکە ولە باشوردا گەلێکی نیمچە ئازاد بووین و بە هەموو کەم وکورییەکانیشیەوە دەتوانین بڵێن خاوەنی ئەزمونێکی خۆ ئیدارەکردنی سەرکەوتوو بووین. بەڵام دیسانەوەیش پێویستیمان بە زۆر هەنگاوی گرنگ هەیە.

مەترسی جەنگی سەلیبی وئایینی لە مێژە هەڕەشە لە پەیکەری گشتی و لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیهان دەکات. ئوروپاییەکان لە مێژە وبە سرتەوچرپەی قەلەم بە گوێی بەر پرسەکانیاندا دەچەپێنن و وردەکارییەکانیان بە وریاکاری دەخەنە بەر چاوی گشتی ودەڵێـن: بە لانی کەمەوە پتر لە دە ملیۆن موسلمانی توندرەو وبە ئیمان وموتەعەسب لە ئوروپادا دەژین. هەر چەشنە ڕووداوێکی دلتەزین دەتوانێت

دنیا بشڵەقێنێت. تۆ بڵێی دنیای مۆدێرن لە فیکری ئەو شڵەقانەدان و بیر لەوە دەکەنەوە چلۆن زیانەکانی ئەم شڵقاییــە بگۆازنەوە سەرشان وپیلی لانی کەم نیوەی مرۆڤ و کۆمەڵانی سەر گۆی زەوی.؟

باشتر لەشەڕی جیهانی شیعە و دنیای سوننە پێـکەوە هەیە لۆ ئەمریکا و هەموو هەوپەیمانەکانی جیهانی .؟
هەر دوو چەکداری ئەڵڵاهوئەکبەرن.لە هەر لایەک شەهید بن هەر بە قازانجی جیهانی دژەتیرۆریســمە. زیانگەیاندن بە ئیسلام وبە دەستی خودی ئیسلام وبە یارمەتی موسلمین. چی لەمەیش بە سەرفەترە کە دوو ساڵار و ســەروەری مەدینــە وبانی تیرۆریستانی هەر دوو جیهانی شیعە وسوننی بکــەونە گیانی یەکتــر و....!ئەمەریکا و ئینگلیز وگشت موستکبرینی عالەم پێیان شاد وسەرخۆش ومەستی مەست بن.؟

هیچکەس وهیچلایەنێک لە دانیشتوانی ئەم ناوچە ئاڵۆزە ناتوانێت لە سەر ئەم رێگە سەخت و پڕ لە سەخڵەتییە بژێت وبێ بەڵا و بێ لایەن وبــێ وەی بێــت.

کورد گەر دەیهەوێت لەم دەریا قوڕاوییدا مەلە بکات و نخنکێت و تەڕیش نەبێت و سەر بە خۆییش وەدەستبهێنێت و..، دەســا نابێت. ئەقڵ دەڵێت وئەز نابێــژم.

لەم شــەڕ ولەم نەبەردە سەخت وساردانەدا وتەنیــا بــەم شــەڕو شەڕانەوەیــە کە ئیستعماری نوێ ولیبرالیسمی ئستسمارگەری بازاری ئازاد و جیهانی تیجارەت وبازرگانی گشت بازرگانانی وورد ودرشتی هەموو جیهانی سەرمایەی گچکــە وگــەورە دەحەســێنەوە بــەڵام ،تۆبڵێی کوردیش بحەسێتەوە.؟

شۆڕشی کورد داوایەکی رەوایە. لە بۆگەیشتن بە داوایەکی رەوا لە رێگەی یاساوە زووتر دەگەینە مەنزڵ.لەدوای هەموو شەڕ وشور و دەرئەنجامی هەر شۆرشێکیش سەرئەنجامەکەی بە پێــی شەرع ویاسا دێتە کۆتایی.
یاسای بەینەلمیلل لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانە. ئەو یاسایە بەدوای دەنگ وهاوار وفریادەوەن. تاوەکوو ئەم سات وکاتە ئەستەمانە و بە درێژایی مێژووی لانی کەم نزیک بە چۆاردەساڵی ڕابردووی خۆ ئیــدارەکردنی کورد ،تەنیــا بۆ جارێک و ئەویش بە یەک نوســراوەی شــەرعی ورەســمی کە هــەم حەڵاڵە وهەمیش رەوا ،بەم زووانە ولە کۆتایی ساڵی **2005** داگەیوەتە شوێنی یاسایی خۆی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان. ئەویش داوای رەوای ڕیفــراندۆم وڕاپرســییە لە گەلی کورد.

وڵامی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووکان بۆ کومیتەی باڵای ڕێفراندۆمی کوردستان ئەوە بوو کە کورد مافی خۆیەتی وەک گەلێک داوا بکات پرسی پێبکەن وجیهانیش گوێی لێ راگرن. ئەو وەڵامە وەڵامێکی یاسایە ورێنوێنــییەکی بە ئاشکرایە بۆ کورد وئەشێت کورد پێرەوی لە یاسا بکات. ڕیفراندۆمی بە بێ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووکان ،وەک بوونی یاسا لە ساحەی هەڵبژاردن وڕیفراندۆمدا مانای یاسایی ونێودەوڵەتی بە خۆیەوە ناگرێت.

دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین ومافی خۆمانە بپرسین.؟ دنیای نێودەوڵەتی بۆچ لێمان کشاوەتەوە.؟ بۆچ وەخۆمان ناگرن.؟ روسەکان وچین و فەرەنسە لە بریاری **1546** ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی کوردیان لە چوارچێوەی بڕیاری مێژوویی ویاسایی نەتەوە یەکگرتووکان دەرهاویشت و خستیانە دەر. بۆچــی.؟ لە سەر چی.؟

دوا بە دوای رێنوێنی و وڵامی کۆمیتەی ڕیفراندۆم ،بەرپرسێکی تری نەتەوەیەکگرتووکان هاتەگــۆ وفەرمۆی: کورد داوای ریفراندۆم وڕاپرسی دەکا ،بەڵام پێمان وانییە کە زۆر جیــددی بن لەم کارەدا.!؟

باکورد لە پاڵ هەڵبژاردندا ،سەندوقی ڕیفراندۆمیش دابمەزرێنێت. بەڵام پێویستە کە کومیتەکانی ڕیفراندۆم وریا وچالاک وچاوکراوەبن. هەر دەستە ولە سەر سەندوقەکانی دەنگدانی خۆیان ،تاپۆی کۆکراوە وکۆتایی کاتی ڕیفراندۆم بە نوێنەرانی نێودەوڵەتی کە وەک چاودێر بەشداری هەلبژاردنەکانی عێراقن ئیــمزا بکــەن. کارگێران و دەورگێرانی خودی هەڵبژاردنیش چاودێری یاساین وئیمزای هەرکام لەوانەیش بە چاودێران ونوێنەرانی کاندیدەکانیشــەوە ئیــمزایەکی یاســایی و شەرعییــە لە بــەر دەم یاســای بەینلمیــللدا.

رۆشنبیرانی کورد بەگشتی وبرا کۆمونیستەکان بە تایبەتی ئەشێ تابلۆی تەپکەکە بخوێننەوە. گەر مەسڵەحەتی گشتی وبەرژەوەندی گەل و وڵاتێکیان گەرەکە. مێژووی سەر هەڵدان و لە دایکبوونی عێراقێکی دیکە دووپاتە دەبێتەوە. دروست بە وێنەی **1921** وهەشتا وچەند ساڵ لەمەو بەر. ئەو کات ئینگلیز دەوری دیار وسەرەکی دەبینی وئێستەکە سەرەتا ئەمریکا ودوایە ئینگلیز وهەردووک پێکەوە ئاڵای سەرکردایەتی لەشکرێکی نێودەوڵەتی بەناوی هەوپەیمانانی خۆیان بە دەستەوەیە وگــەلی کوردینە هەر بە وێنەی باب وباپیرانی ڕابردوومان گیرین وبابزانین ئێمە وریاترین یان ئەوان.؟

**80** وچــەند ساڵ بەرلە ئەمرۆ ولە رۆژ وشەوگەلێکی وەک ئەم چەند شەو و رۆژانەی بەر دەم هەڵبژاردنەکانی عێراق ،گــەلی شیعەی خوشک وبرا و کوردە حەیاتەکە لە هەڵبژاردن کشانەوە.....**80**

وچـــەند ساڵیان پێچوو ،تاوەکوو گەیشتووینەتەوە بەردەم هەمان مێژوو. بەڵێ کـە دەڵێن مێژوو دوو پاتە و رەنگە چەند پاتەیش ببێتەوە، ڕاســتە. بەڵام هیچ سەیر نییە ،کات ومێژوو هەروەها دەرفەت و هەلی مێژوویی وەک یەک بخولڤێنن. هەر کام کە لە دەستدەرچوون دەرۆن وئیترناگـــەڕێنـەوە.

هەڵگووتانی ئەمریکایش بۆسەر هەولێری پێتەختی کوردستانەکەمان وتەقە وگرمە ولرفە وهاوار وهەڕەشەی ئەمریکییـەکانی دۆست وهەوپەیمان وهەو سەنگـەرمان لـۆ ئـەوەیـە بە زمانی یاسای عێراقی (هیوا و ئاشتی) پێمان بێژن : ڕێگــەی کوردستان لە بەغداوەیــە.!

**mohammed_karimi ,,**